# نامەیەکی کراوە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، بۆ دەنگەکان!

خەتاب سابیر
**9/7/2004**
khatabs@hotmail.com

کاک گۆران:

بەرێز بەرپرسی سایتی دەنگەکان, تۆ سایتێکت کردووەتەوە بۆ خزمەتی ئەدەب و هونەرو توێژینەوە لە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و رەوتی پێشکەوتووی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان لە کوردستان و عێراقدا. لە ماوەیەکی کورتیشدا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە. بەلام دەروێشە جاهیلەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەمە چەندین جارە ، سایتەکەت دەکەنە جێگای ساغکردنەوەی ململانێی شەخسی و حیزبییەکانی خۆیان بە بازارییترین زمان دەپەیڤن و نەیارە سیاسییەکانی خۆیانی پێ دەشکێنن ، من دوو جار لەو جارانە باسدەکەم .

یەکەم : ئەوان لە کوردستانپۆستەوە تەقەیان لێکرا، کەچی ئەوان هاتن لە دەنگەکانەوە سەنگەریان گرت، ئوسولیی وایە کە ئەگەر کوردستانپۆست شتیان بۆ بلاو نەکاتەوە ئەوسا لەسایتێکی تردا قسە بکەن ، و ئاماژەش بەوە بدەن کە کوردستانپۆست بۆیان بلاو ناکاتەوە، ئەگینا ئۆتۆماتیکی خەریکە سایتی دەنگەکان دەبێتە وەکیلی ئەوان،ئەم بەناو کۆمۆنیستانە ئەوەندە رەزاگرانن لە کۆمەلگای کوردستاندا خەلک بەناوەکەشیان قەلس دەبێ،خەلک لەشی دادەهێزرێ گوێی لەو ناوە ناخۆشە دەبێت ، بەراستی ئەمانە بەخۆیانەوە کۆمۆنیزمیشیان ناشیرین کردووە، هەرچەندە ئەمانە هەرچییەک بن کۆمۆنیست نین.

کاک گۆران: ئەوسای من لەکوردستان بووم تۆ گوتت ،ئەوە کوردستانپۆست دەستی پێکردووە و فەرتەنەکەی ناوەتەوە، باشە ئەگەر وایە ،بۆ تۆ سایتەکەت دەکەیتە جێگای غەریزەکانی مەکتەب سیاسییەکی ئەو حیزبەو بەچەند زنجیرە جوێننامەکانیان بلاودەکەیتەوە، بۆ شەرێ سایتێکی تر دەکەیتە باری دەنگەکان ،ئەمە لەکاتێکدایە ،چەندین سایتی حیزبی و فەرهەنگیی خۆیان هەیە ، رۆژنامەیان هەیە،قسەیان لە کەنالی ئاسمانیی دەکرد، نامیلکەیان هەیە، بنکەیان هەیە، دوای ئەوە تۆ بۆ ئەو رایە دەهێنیتە سەر خۆت کە ناتوانی شتی ئەوان بلاونەکەیتەوە بە حوکمی هەندێ شت کە باسکردنیشی دروست نییە.

دووەم : ئەمجارەش من لە کوردستانپۆستدا ، نوکە قەلەمێکم تێوەژەنیون ، ئەوان بۆدێن لەسایتەکەی تۆوە کەوتوونەتە جوێن (جنێو) دان و بە شێوەیەکی زۆر بازاریی کەوتوونەتە هەلێت و پەلێت رشتن، ئەو قسە سەرسەریی و لۆتیانەی ئەوان دەیکەن لەسایتی دەنگەکان کەم دەکاتەوە لەلای خوێنەر ، ئەوانە ئەوەندە سوکن ، بچنە هەر شوێنێکەوە بێ ئیعتیباری دەکەن... تۆ سەیرکە کوردستاننێت نووسینەکەی ئەم دەروێشەی حککع لابردووە ،نەک لەبەرئەوەی کە لەدەنگەکاندا بلاوکراوەتەوە ، وتاری تر هەیە لە چەندین سایتی تریش بلاوبووەتەوەو لەکوردستاننێتیشدا بلاوکراوەتەوە ، هەرچی

ئەمەی عومەری خەتاتە ، من پێم وایە  لەبەرئەوەی کە قسەی بازاڕی تیایەو پەیوەندی بەسایتەکەی ئەوەوە نییە، بۆیە لایبردووە، باشە ئەم برادەرە کۆمۆنیستانە بۆ لە سایتەکەی خۆیانەوە ناکەونە قسە، باوەڕبکە ئەو قسانەی عومەری خەتات ئەوەندە نزمە لە سایتەکەی خۆشیاندا ، بڵاوی ناکەنەوە...بەڵام بەداخەوە تۆ ئەم کارەیان بۆ دەکەیت...

بەهەرحاڵ من وەڵامی خۆم دەدەمەوەو بەبەڵگەو دۆکیومێنتەوە.... بۆ دەنگەکانیشی دەنێرم ، چونکە لەوێدا بەشێوەیەکی بازاڕیی بەمن دەگوترێ درۆزن،فاشیست ، بەعسیی ... بۆیە مافی ئەوەم هەیە  کە بە خوێنەری  بسەلمێنم کە کێ درۆزنەو کێ بەعسییەو کێ فاشیستە....هیوادارم .. کاک گۆران حەدێک بۆ بەرەڵاییەکانی ئەم جەماعەتە مەنبوزو مەکروهە دابنێ ،ئەگەریش لەژێر ناوی ئازادی ڕادەربڕیندا هەموو شتێکیان بۆ بڵاودەکاتەوە ،ئەوا  دەشبێت ئەو مافەش بە من و بەهەرکەسێ بدات  کە وەڵامیان بداتەوە.  من لە نووسینی داهاتوومدا  بەبەڵگەوە پێیان دەسەلمێنم کە کێ درۆزنە ، کێ بەعسییە، کێ فاشیستە؟ ، بەزمانێکیش کە شایستەی سەرکێشییەکانی ئەم گرووپە دابڕاوو سەرلێشواوو پێ لەئاسمانە بێت .